بەردەوام بەڵا وتاقیکردنەوە لە نەفس وماڵ ومنداڵ ڕودەکاتە باوەڕ دار؛ هەتا دەگاتەوە بە خوای گەورە وهیچ گوناهێکی لە سەر نەماوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«بەردەوام بەڵا وتاقیکردنەوە لە نەفس وماڵ ومنداڵ ڕودەکاتە باوەڕ دار؛ هەتا دەگاتەوە بە خوای گەورە وهیچ گوناهێکی لە سەر نەماوە».
[حەسەن - باش)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ناڕەحەتی وتاقیکردنەوە لە بەندەی ئیماندار جیا نابێتەوە؛ لە نەفسیدا (لە تەندروستی ولاشەی)، ولە منداڵەکانی (لە نەخۆشبوونیان یان مردنیان یان خراپبوونیان یان هتد)، ولە پارە وسامانەکەی (لە هەژاربوون و لەدەستدانی بازرگانی ودزی وخراپی بژێوی وکەمی ڕزق وهتد)، هەتاوەکو خوای گەورە بەهۆی ئەم ناڕەحەتیانەوە لە هەموو گوناهەکانی خۆشدەبێت وکاتێك دەگاتەوە بە خوای گەورە ؛ لە هەموو ئەو گوناهەکانی پاکی کردووەتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3159